# باران بباریٚ ئاشم ئەگەرریٚ ، باران نەباریٚ جووتم ئەگەرریٚ .

سیروان مەحمود ....... هۆڵەندا

پیٚ دەچیٚ کورد لە دێر زەمانەوە خەونی قووڵی بە ڕەهبەرە ئەفسانەکانی خۆیەوە دیوە و هەر بۆیە زۆربەی پەندەکانی جەمسەرە لەگەڵ ڕاستییەکانی گۆڕەپانی ئەمرۆدا . ڕەهبەرە درووست کراوەکانی کورد لە مێژووی کۆن و نوێدا ، لە خەباتی رابردوو و نوێی مللەتەکەماندا ئەوا زۆر ژیرانە گەمەیان بە هۆش وبیری مرۆڤی کورد کردووە و لەگەڵ هەموو بوارەکاندا و لەسەر سۆزی ووشەکانی نەتەوایەتی وکوردایەتی و خەبات ئەوا خۆیان بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی راستەقینانە نەبەستوەتەوە و لە خۆشی و لە کارەساتەکانی میللەتەکەماندا ئەوا ئاش و جووتیان گەراوە .

میکافیلی گەر شانسدار بوایا ئەوا دەبوو لەم رۆژانەی ئێمەدا بژیایە و ئەوساش بەختەوەر دەبوو بە هێنانە دی رێبازەکەی لەسەر دەستی ڕەهبەرە درووستکراوەکانی کوردا و بۆ مێژووشیان دەسەلماند کە گووناهێکی زۆر کراوە بەم زاتە و ئەمرۆ پاش چوار سەدە لە سووتاندنی پەڕەکانی پەرتووکەکەی ( میر ) ئەوا ڕەهبەرە درووستکراوەکانی کورد بە گەمەیەکی لێهاتوانە ئەو بەرنامەیان بەدی هێناوە و پێویستیشی نەدەکرد مۆسۆلۆنی هەندە شەو نخوونی بکردایە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لەو رێبازە ، ئەوەتا ڕەهبەرە درووستکراوەکانی کورد بۆ دەستکەوتە تەسکەکانیان گەمە بە چارەنووسی مللەتەکەیان دەکەن ، بەڵام ئەوان هەر ڕێبەرن لە دیدەنی جەماوەردا و خەباتگێری مێژووین و ئەوانن کە مێژوو بۆ کورد تۆمار دەکەن و ئاواتی شەهیدەکان و قوربانیەکانی ئەو میللەتە دەهێننە دی و بە بیٚ شەو نخوونی ئەوا بروا نامەی دکتۆرایان لەو رێبازە وەدەست هێناوە و برواش ناکەین کەسی تر لەوان بلیمەتربن لە شێوازی دەرهێنانی سیمای دەمووچاوی خۆشەویست لە نێو جەماوەردا .

ئەم ڕەهبەرە درووستکراوانە ڕەهبەری ئاخیر زەمانن ، زۆر سەیر و نامۆ بیر دەکەنەوە و سەریان بەرز ناکەنەوە ، هەر وەک ڕوو بە ڕوو نەکەوتبیٚ و چاو بە چاو نەکەوتبیٚ ! مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد هەندە کۆن نییە , خۆ مێژووی پاش ڕاپەرین هەر زۆر نزیکە و میللەتیش راستییەکانی لەبەر چاو تۆمارە و بەهای ئەم ڕەهبەرە ئەفسانانەی دی ! هەر ئەم ڕەهبەرە مێژوویانە بوون پێشبرگەیان دەکرد بۆ رازی بوونی داگیرکەران لێیان و نەیان دەزانی چی قووربانییەک پێشکەش بکەن بەو دووژمنانی کورد لە پێناوی مل شکاندنی نەیارەکانیاندا !هەر ئەم ئەفسانانە بوون پاساویان بۆ پۆستاڵ رەشەکان دەکرد کە خاکی کوردستان گڵاو بکەنەوە و برینەکان قووڵتر بکەنەوە و شانازیش بە دەستکەوتەکانی ئەو پێشبرگەیە دەکرا ! ئەوەتا ئێستاش ئەوانن منەت بەسەر ئەو مللەتە دەکەن و بەخاتر و خۆتر قبووڵ دەکەن کاری بۆ بکەن و خۆڵ دەکەنە چاومان و خەمخۆریمان پیٚ دەفرۆشن ، هەر کاتێکیش باس گەرم بوو و ڕخنە زۆر رووی گرتن ئەوا ئەوان ئامادەن واز لە پایەکانیان بهێنن و با مللەت خۆی کاری خۆی بەرێوە بەرێت و ئەوان بەزۆر لێپرسراویەتی ناخەنە ئەستۆی خۆیان ! ، کام مللەتی بەسزمان ؟، ئەو مللەتەی وەک مەری شوان دەبێت بخوات و دووعای خێر بۆ خاوەن شکۆ بکات و بە هەموو نەهامەتییەکانیان قایل بێت و هاوار بکات ( فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ ماڵو منداڵی بەختەوەر کردوین وخۆشی بۆ هێناوین ) .

داخ و سەد داخ کەئەم ڕەهبەرە درووستکراوانە وا تێدەگەن کە خۆڵ کردن بە چاو و گەمە کردن بە هۆش تا سەر بۆیان دەچێتە سەر و پێیان وایە رۆژگار هەر رۆژگارەکانی سەدەی رابردووە و جیهانیش ئەو جیهانە دابراوەی جارانە و ئەو راستییەیان لیٚ وونە کە لە جیهانگەری ئەمرۆدا ئەوا جیهان گوندێکی پچووکە و ئەو شنە بای دیموکراسییەی سەری هەڵداوە ئەوا رووبەرەکەی فراوانتر دەبێت و گۆڕانکارییەکانیش کاریگەری هەیە بۆ سەر هەموو نەتەوەکانی تر و براوەش لە کۆ تاییدا دیموکراتەخوازە راستەقینەکانن و حوکمیش لە ئاییندەدا هەر دەبێت حوکمی گەل بێت و ئەو رۆژانەش قڵب دەبێتەوە کەمللەتی کورد بەزۆرداری بە زوورنای ئەوان هەڵپەرێت و رۆژان دێت کە مللەت دەبێتە خاوەنی بریاری خۆی و چی ئیتر نابێتە قووربانی گەمە سیاسیەکان و هەڵگرانی گرەوە چەواشەکانیان دەدۆرێن وئەوسا ئاش و جووتیشیان لە گەڕان دەکەوێت .